فەلسەفەی دوای مرۆڤ.. د. حمدي سەيد محمەد محمەود.. عەبدولموتەلیب عەبدوللا کردوویە بە کوردی

(گۆڕانکارییەکانی خود لە سەردەمی بوونەوەرە هەڵزکراوەکان)

پۆست هیومانیزم (Post humanism) ئاماژە بە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە تێگەیشتن لە مرۆڤایەتیدا دەکات؛ چونکە لە پاش (فەلسەفەی دوای مرۆڤ) چیتر مرۆڤ وەک ناوەندی گەردوون یان بوونەکی باڵا نامێنێتەوە، بەڵکە دەبێتە خاڵی گواستنەوە بۆ پارادایمکی نوێی بوون، ((واتە بوونەوەرە هەڵزکراوەکان)) ئیتر مرۆڤ لە پارادایمە تایبەتمەندییە باڵاڵاژی و ئێنتەلێژیەکان تێدەپەڕێنێت کە لە دەمکەوە مرۆڤایەتییان پێناسە کردووە؛ بەو مانایەش فەلسەفەی (دوای مرۆڤ) وەک کاردانەوەیەک لە دژی مرۆڤگەرایی (Humanism) کلاسیک سەریهەڵداوە، کە مرۆڤایەتی بە تەوەری مەعریفە و بەها و مانا دادەنا؛ لە ڕوانگەی هیومانیزمی کلاسیکییەوە مرۆڤ وەک هەزی فیکری ڕۆشنگەری ئەوروپی لەڕوانگای عەقڵ و زانستەوە توانی کۆنترۆڵی سروشت و زەمینەسازی بکات؛ بەڵام ئەمڕۆ فەلسەفەی پۆست هیومانیزم هەر تەنیا ئەم بنەمایانە ناکاتەوە، بەڵکە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژی و ژینگەیی و دیجیتاڵی و میتافیزیکییانەی کە ئێستا کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی جێگیربوونی مرۆڤایەتی لە جیهاندا هەیە، ((واتە لەڕوانگای بە تەکنەلۆژیا، ئەلگۆریتم، یان ئامرازە دیجیتاڵییەکان)) فەرمکی دیکە بە تەواوی مرۆڤایەتی دادەڕێژێتەوە.

لە ناخی ئەو فەلسەفەیەدا پرسیارکی سەرکی هەیە، ئەویش ئەوەیە: ئایا کاتک چەمکە تەقلیدییەکەی (مرۆڤایەتی) کە دەبێتەوە و سنووردکانی نەوان مرۆڤ و ئامێر و ئاژەڵ، یان بوونەوەرە دەستکردەکان، تەنانەت ژینگە دیجیتاڵییەکان دەسڕێنەوە، چی لە بەهای مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە؟ هەبێتە یەکێک لە بنەما سەرکییەکانی ئەو فەلسەفەیە، هەوشاندنەوەی دووبەرکیی سەختی نەوان مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ، کە لە ئەفلاتونەوە تا دیکارت بەسەر فەلسەفەکانی ڕۆژئاوادا زاڵ بووە…

فەلسەفەی دوای مرۆڤ، داوای تێپەڕاندنی ئەو دابەشبوونانە، مەدیلی

فریبی بە (عەقڵ و بوون) پشنیار کرد، کە مرۆڤایەتی لەووی عەقڵانییەت یان ئەخلاقەوە وەک تاکە بوونەك سەیر نەکرێ، بەڵکە وەک گرێیەک لە ناو تەڵکی فراوانی پەیوەندییە ژینگەیی و تەکنەلۆژی و گەردوونییەکاندا ببینرێت! لەم چوارچێوەیەدا، فەلسەفەی دوای مرۆڤ (پست هومانیزم) یەکانگیر لەگەڵ هەوتی ئەنتەلۆژیای فرەیی و تیری نیوکەمالیەتی، هەخنە لە ئەنترۆپەسین- ((هەزی مرۆڤ وەك هەزی سەرکی گیان لەسەر زەوی)) دەگرێ و پرسیارکردن لە بارەی سنوورە ئەخلاقی و سیاسییەکانی پەلەنکردنی بوونەوەرەکاندا بەرز دەکاتەوە؛ کەواتە مەبەست لە (فەلسەفەی دوای مرۆڤ) ئینکارکردنی بەهای مرۆڤ نییە، بەڵکە مەبەست لەی کردنەوەی دەرگایە بە فەرمکی دیکەی ژیان و بیرکردنەوە و بوونکی جیاواز کە هەنگاو لەگەڵ ستاندارد تەقلیدییەکانی مرۆڤدا نەگونجێت.
لە هەوانگەی تەکنەلۆژیاوە، پشکەوتنە خێراکانی زیرەکی دەستکرد، ئەندازیاری بەماوەیی، هەبەت، نانەتەکنەلۆژیا و تەواوی تەکنەلۆژیاکانی واقیعی درۆکراوە یارمەتی خێیا و بیرکردنەوەی (فەلسەفەی دوای مرۆڤ) دەدات، بە ئاوەی بیر لە قۆناغکی نوێی بوونی مرۆڤ بکاتەوە! لەردا تەکنەلۆژیا نەک تەنها وەک ئامرازەک، بەڵکو وەک درۆکراوەی مرۆڤایەتی دەبینرێت، وەک بکەرەک دەبینرێت، کە توانای دووبارە داشتنەوەی سروشتی مرۆڤ و ئاسەی پەرەسەندنی مرۆڤی هەیە؛ چەمکەکانی ((سایبەرگ- مرۆڤەک تەکەڵ لە جەستە و تەکنەلۆژیا)) مرۆڤ وەك بوونەوەرکی تەکەڵاو لە نەوان مرۆڤ و ئامێردا- کە زیرەکی ئاو مەدیلە لە مرۆڤ لەسەرووی مرۆڤدایە، ئاو مرۆڤی سەرووی زیرەکی ئاماژەیە بە توانا گەلەك کە تەواوی توانا بایەلۆژی یان مەعریفییە سروشتییەکان تەدەپەڕێنێت، نەك هەر هەندە بەڵکە هەتا دە ئاو هەوتە بەهای گەینی ناسنامەی مرۆڤ بە بنیاتکی دیجیتاڵی زیاتر گۆڕە دەبەت، ئاو هەوتە دەتوانێت لە سەرانسەری میدیای نوێدا قسەی لەبارەوە بکرێ و دەستکاری بکرێت و بگوازرێتەوە، ئاوەش پرسیاری بە وەنە سەبارەت بە جەستە، ناسنامە، ئازادی و مردن و نەمری دەوروژێنێت.
کەواتە فەلسەفەی دوای مرۆڤ تەنها گوتارەک نییە بە ستایشکردنی تەکنەلۆژیا- ((بەڵکە هەوە دەدات بەشێوەیکی هەخنەیی لە پەیوەندییەکانی مرۆڤ، تەکنەلۆژیا، و جیهان، بکەڵتەوە))- هەخنەیکی قووڵ، لاو دەسەڵات و کەنترۆڵکردن و نایەکسانییەی کە ئاو گەڵانکارییە تەکنەلۆژییەکان بەرهەمیان هێناوە…
هەندەک لە فەیلەسوفان هۆشداری لە مەترسی گەینی مرۆڤ بە (بەرهەمی) تەکنەلۆژیا دەدەن، یان تەکدانی بەهاکانی دادپەروەری و کەرامەتی مرۆڤ و بە کاکاکردنی مرۆڤ یان جیاکردنەوەیان لە هەگ و

پێشەی کۆمەڵایەتی و سروشتی خۆی… هەموو ئەو نیگەرانیانەی لەگەڵ مشتومڕکانی ژینگەیی سەبارەت بە باڵادەستی تەکنەلۆژیا و داهاتووی زەوی و زیندەبەکاربردنکان یەکدەگرنەوە؛ بیرمەندانی (فەلسەفەی دوای مرۆڤ) داوا دەکەن گەڕانکاریییە بایۆپۆلیتیکەکان، مرۆڤایەتی تەکەڵە بە تەنیای ژیان بکاتەوە، نەک بیخاتە دەرەوە.
لە لایەکی دیکەوە فەلسەفەی دوای مرۆڤ ئەگەرچی نوێ بە تەگەیشتن لە ئەخلاق و هەشیاری پێشکەش دەکات، نەک لە ڕوانگەی باڵادەستی مرۆڤەوە، بەڵکە لە ڕوانگەی بەشداریکردنی ئاوێتەی جیاواز و بەهای ئاوێتەی جیاوازەوە- جا چ ((ئاوێتەی جیاواز)) ئامێرێکی هەشیار بێت، ئاژەڵێکی زیرەک بێت، یان تەنانەت ژینگەیەکی سروشتی (هەستیار- سەنسەر)… ئەو بەرفراوانبوونەی کایەی ئەخلاقی بە تەواوی نکۆڵی لە پاڵە جگیرەکان دەکات، وەك چۆن مەدەلێکی دیکەی بەرپرسیارێتی پێشنیار دەکات کە سنووری ئەنتەلۆژییەکانی نێوان خود و ئاوێتەتێدەپەڕێنێت؛ بەم شێوەیە (فەلسەفەی دوای مرۆڤایەتی) دەبێتە بانگەوازێک بۆ پێناسەکردنەوەی بوون و دەسەڵات و مانا، نەک تەنها لە ڕوانگەی تێپەڕاندنی مرۆڤایەتییەوە، بەڵکە لە ڕوانگەی دووبارە خەیاڵکردن بە شێوەیەکی زیندەخاکیی و زیندەپێوەندی و بەشداریکردنی لەگەڵ فرەیی بووندا.
ئەوەی گرنگی ئەو فەلسەفەیە تەنها لە هەندێ تیۆرییەکێدا نابینرێت، بەڵکە گرنگی لەوەدایە کە ئامرازێ زیرەکەکان، بیرکردنەوەی مرۆڤ بە تەگەیشتن لە ئاستەنگ و چالاکییەکانی جیهانی هاوچەرخ فرەوان دەکات- بۆ ئەوەش هەر لە زیرەکی دەستکردەوە بیگرێ تا گەڕانی کێشوهەوا- لە چوارچێوەیەکی نوێی ئەنتەلۆژی و ئەخلاقیدا، وامان لێدەکات بیر لەوە بکەینەوە کە مرۆڤبوون ((لەگەڵ فرەیی بوون)) یان لە جیهانێکدا کە چیتر بە تەنیا نین واتای چییە؛ لە جیهانێکدا کە لەگەڵ بوونەوەرە نوێیەکاندا هاوبەشین- ئەو بوونەوەرانەی کە هەندێکیان دەستکردی خامانن و هەندێکی دیکەیان لە پێش ئێمەوە (لە مەژووی گەردوون)دا بوونیان هەبووە! لەڕوەو لەبەردەم ئەو هەموو گەڕانکارییانەدا پێژەی کلاسیکییەکانی مرۆڤ هەڕەس دێنێ! بەمجۆرە فەلسەفەی دوای مرۆڤ ئاسۆیەکی فەلسەفی پێ لە نکۆڵی و پێ لە دەرفەت دەخاتە سەر پشت و ناچارمان دەکات بیر لە سروشتی مرۆڤ و سنووری زانین و ئەخلاقی داهاتوو بکەینەوە.

سەرچاوە:
فلسفة ما بعد الإنسان: تحولات الذات في عصر الكائنات المعززة- د. حمدي سيد محمد محمود
الحوار المتمدن- Jul 24, 202 – www.ahewar.org.

ڕووبەڕووبونەوەکانی وەرگێڕ:

-جووت کەوانەکان زۆتر بۆ ڕووبەڕووبونەوەن.

-(بوونەوەرە بەهێزکراوەکان- الکائنات المعززة) واتە ئەو بوونەوەرانەی کە توانای سروشتیان بە تەکنەلۆژیا، ئەلگۆریتم، یان ئامرازە دیجیتاڵییەکان زیاد دەکرێ، لەو حاڵەتەدا مرۆڤ تەنها وەک بوونەوەرێکی سروشتی نامێنێت، بەڵکە دەبێتە بوونەوەرێکی هاوبەشی مرۆڤ و تەکنەلۆژیا.

-(ئینتەرپەسین) ناوی ئەو قۆناغەیە کە زانایان پێیان وایە ئەو مرۆڤە هێزی سەرکی گەیان لەسەر زەوی؛ بەهام ڕەخنە لە ئینترپەسین لە کەمەڵە پرسیاردا خۆی دەبینێتەوە: ئایا مرۆڤکان هەمووان بەرپرسیارن؟ یان سیستەمکی دیاریکراو؟ ئایا مرۆڤ دەبێت ناوەندی بیرکردنەوە بێت؟ یان دەبێت جیهان بە شێوەیکی گشتییتر ببینرێت؟!.

- چەمکی (بایۆپۆلیتیکی) پەیوەندی بە بیرکەکانی فۆکۆ لە سەدەی 18 و 19 ەدا لەبارەی دەسەڵات و گەیانکاریەکانی دەسەڵاتەوە هەیە… لەڕەدا چەمکی بایۆپۆلیتیکی واتە بەڕێوەبردنی ژیان: گەیان لە سیاسەتی سزادانەوە بۆ سیاسەتێک کە ژیان و جەستەی مرۆڤ بە شێوەیکی زانستی و سیستەمی بەڕێوە دەبات.

""مەرگ چاوی شینە خەکی ئەمانیایە"".. ئازاد حەمە

دەربڕینی ""مەرگ چاوی شینە خەکی ئەمانیایە"" بچووی ئەو دەربڕینە شیعرییەی پۆل سێلانە کە بەمجۆرێ: ""مەرگ وەستایەکە خەکی ئەمانیایە"". گوزارەی ""مەرگ وەستایەکە خەکی ئەمانیایە"" گوزارەیکی هێنراوەی Todesfuge ی سێلانە، کە نوێنەرایەتی مەرگ دەکات. ئەبەتە مەرگێک، کە بەچاوانی خۆت بیبینیت، کە بەدەست چاوشینە ئەمانییەکانەوە (نازییەکان) چیی بەسەردێت. مەرگهێنەرەکە بە سێلان ئەمانییە و چاویشی شینە. ئەم لەگەڵ ئەم چاوشینە وەستایە لە کوشتن دیرەکەکی بریناویی هەیە.

هەنراوەی ناوبراو هەنراوەیەکی ئەمانی زمانە، بە پێ قوتترین و بەرچاوترین هەنراوەی پەل سەلان دەناسرێت. لەرەوە سەلان دەستکاری زمانی شیعری ئەمانی/رۆژئاوایی پاش جەنگیی کرد. زمانی شیعریی پێش قەتوعامی جوولەکەکان(هەلەکەست) و زمانی شیعریی پاش قەتوعامەکە دوو ناسنامەی شیعریی جودایان هەیە.
ئەم کەپلە شیعرییە و باقی هەنراوەکانی تری سەلان برینی لەدەتکە. بەیە گەر بمانەوە لە پەیوەندی نێوان برین و شیعر تێبگەین باشترە بچینە برینستان، بە لای هەنراوە برینئامێزەکانی پەل سەلان، ئەو شاعیرە ئەمانیەنووسە هاوچەرخەی، کە هەنراوەکانی، بە بیریارانی ڕۆژئاوا (بادیو، دەریدا، بلانشۆ، گادامەر و...) بەهەق ئازارپرژنبوونە. بە زەربەی فیلەسوفانیش پەل سەلان "" بە شیعرە چەواقئامێزەکانی ناسراوە، کە زەرجار بەدواداچوون بە بابەتەکانی زەبر و زەنگ و یادەوەری و پاشهاتەکانی هەلەکەستی کردووە"".
تایبەتی ئەم دەقە هەنراوەیەی سەلان("تانگەی مەرگ")لەوەدایە کە لە سەردەمی نازیيەکان، لە زەربەی کەمپەکانی ئۆشکەنجەدان و لەسێدارەدان، بەندکراوەکان ناچارکراون موزیک بژەنن لە کاتێکدا هەندێکی تر گۆڕ هەڵدەکەنن. ئەم دەخە مەسیقای مەرگاویی لەگەڵ خۆی دەنێت؛ مەسیقاکە بەدەم مەرگەوە دەژەنرێت و ڕیتمی ئەو ژینگە مەرگاوییە لەخۆیدا بەرجەستەدەکات نازیيەکان ئوستازەکەین(ماستەر master)، کە بنەما شیعرییەکەی ئەم گوزارەیە یاخیبانە و بکەتایە. بکەتایبوون لە گەرووی سەلان بە هەق بکەتایە و تووخمی ئازارچێشتنکەیەتی. گەرووی وی جێی یاریی مەجازی تیانابێتەوە و تاپێشیکرابێت لەناو شیعرا ژیانی دەزیوێتەوە و هەشیش هەوانیویەتە شتەکان. ناڕوونی لە شیعرەکانی سەلان، بەم گوزارەیشەوە(مەرگ وەستایەکە خەکی ئەمانیایە)، جوانییەکی بە شیعرەکان بەخشیوە کە خەیانن، بەرهەمی گەرووێکی ڕاستقینەی تەنگەتاو و بیمارن. دەزەخی هەلەکەست بە سەلان شیعرهەنربووە، منداڵدانی راستگۆیی بووە لە شیعرا.
لەم گوزارە سەلانیدا کە""مەرگ وەستایەکە خەکی ئەمانیایە""، ئەوەش تێدەگەین چاوشین، کە ئەمانییە داهێنان لە مەرگی ئەوی تری جوولەکەدا دەکات. ئەم دەقە شیعرییە لە دەقەکەدا چوارجار دووبارەدەبێتەوە. بەواتایەکی دیکە،ئەو چاو شینەی خەکی ئەمانیایە، بە سەلان، لە مەرگ بڕپرسیارە؛ مەرگ بەسەر بەندکراوەکانا وەک نان دابەشدەکات.
لە هەنراوەی ناوبراودا، دوانەیی زمان/هزر، شیعر/ هزر کاری خۆی بەهەمنییەکی ڕەشهەگەڵاو دەکات. هەر ئەو پێکەوەجووتبوونەش کە دواتر وادەکات زمان/هزر، شیعر/هزر لای سەلان ئەو شێوازە شیعرییە

پەپە ڕەشایانە وەرگرت، کە ئاقاری شیعریی پاش هەڵەکەستی گرتەی. ئەم وایکرد سەلان بە هاوتای شیعرییە ئازاراوییەکانی ئەو تێگەیشتنە بە شیعر لە مشکیی فەلسەفیی بیریارانی ڕۆژئاوایی بسەلمێنێ کە گوایە پاش هەڵەکەست شیعر ئاوابووە:"دوای ئاوشفیتز Auschwitz ناتوانرێت شیعر هەبێت"،گوتنە ناسراوەکەی ئادرنۆیە، بیرمەندە دیارەکەی قوتابخانەی فرانکفۆرت،کە ڕۆژئاواییەکانی تا ساڵانە ماتکرد. باشە بە واگوترا؟چونکە بیرمەندانی ڕۆژئاوا پێیانوابوو مێتافۆری شیعریی ناکارێت ئەو کوشتار و مەینەتیانە بگوازێتەوە ملیۆنەها لە ئەردوگاکانی نازیەکان ڕووبەڕووی ببوونەوە. کەچی وانەبوو، سەلان توانی بە هونراوە وەرچەرخێنەرە ڕاڤەئاساکانی بکەوێتەوێزەی زمانی شیعریی پاش هەڵەکەست. هونراوەی Todesfugeی سەلان و هونراوەکانی دواتریشی شایەتحاڵی ئەو وەرچەرخانە شیعرییەن، کە قاسەی نهێنیی بەختەوەرییە ڕەشەکان وادەکات؛ ئەو بەختەوەرییانەی دوور ڕەشتن و ئیدی نەگەڕانەوە. کەواتە هونراوەکانی سەلان بەگژن لەسەر هاتنی "چاخی شیعر"ی پاش مەحاڵبوون.

سەرئەنجام ئەوەش دەڵێین کە یاری زارەکیی لە شیعری نوێی کوردیمان دەبێت بگەڕدرێت. چونکە ئەمەش هەڵەکەست و چاو قاوەیی و چاو ڕەشیی خەمانمان هەیە و برینستانی پاش ئەو هەڵەکەستەش تا چەندین سەدە لە ویژدانمانا دەنگدەداتەوە. بۆئەوەی ئەم ویژدانە ڕاچڵەکاندنی شیعریی/ جوانکاریی/ زمانەوانیی دروستکات پەموایە، شیعری هەنووکەی کوردی پێویستی بەوەیە خەی بخاتە بەردەم چارەنووسی نادیاریی زمانەوە و هاوکێشەی زمان/هزر و شیعر/هزر باڵ بکێشێت بەسەر ئەو چارەنووسەدا. ئەگەر شیعری تازەمان ئەوەی پێنەکرێت ئەوا بەتەنها دەمێنێتەوە لە دوورگەی یەکاریی بە وشە؛ دوورگەیەک بە ئەوانە دادەدڕێ کە لەسەر شیعری هزرهەژار دەژین؛ کە ئەوەش ڕاچڵەکان لە وێنە و جوانیسازیدا دروستناکا. ئیدی ئەمەش وادەکات شیعر پەکیبکەوێت، لەگەڵ کاتیشا وامانلێدێت بە شیعرییەمان پەوەدیاربێت. دەشکاوانە دەڵێم: لە سەرووی هەموشیانەوە، لە وەها ڕەوشگارێکدا، کە تاسەر ئەسک تاکی کورد لەوانلەوە لە گشت جۆرەکانی گرفت ناکرێ شیعر بە مێتافۆری سادە و بەتام خەیپەروەردەکا، ڕەچەتە ناو شتی بینراو و باسکراوەوە؛ دەقی شیعریی بەئاگا بشعرنرێت و داواشمانلێکات بیخوێنینەوە/ گوێلێگرین. ئەمە هەروەک پەل سەلان خەڵکی برینستانین، بەم شیعرە ساکار و سەرپێیانە ساڕۆنابین؛ لە وشەسازییەکانی ئەم شیعرەدا هیوایەک بە خەتیمارکردن لە بەدبەختییە بووناوییەکانمان نابینینەوە.

بە زەرتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لای سەرەوە گوترا، لێرەدا بە

پژارێیەوە دەرەم: هەوادارانی شیعری کوردی لە کەمبوونەوەیەکی زەردان، نەک لەبەر گەرانکارییە بووناوییەکانی ژیرسایەی تەکنەلۆژیای زانیاریی بەکو لەبەر بە سلیقەیی و ناروناکبیریی زەرەک لە دەقە شیعرییەکان. لەاستیدا واپەویستیدکرد دەقە شیعرییەکان، لەبەر جەراوجەربوونی قەیرانە کەسیەکانی تاکی کورد کار لەسەر گەرانەوەی لەبیرکراو و ونبووەکان بکا کەچی سەرقاڵە بە یاری بە وشەی شیعریی بە چڕ و ناپەویستەوە. بۆیەوەی ئەمە نەکرێت شاعیری نوێی ئێستامان پەویستی بە بیرتیژی و قوڵبیرکردنەوەیە. جا ئەمە ئێستا شیاوە؟

سەرنج:

ئەم گوزارە شیعرییە دەربارەی هەنراوەی Todesfuge ی شاعیری فەرەنسی پاڵ سێلان Paul Celan ، کە بەمجۆرەیە: ""مەرگ وەستایەکە خەڵکی ئەڵمانیایە"".

Death is a master from Germany

der Tod ist ein Meister aus Deutschland

هەنراوەی Todesfuge لە دوو وشە پێکدێت، Tod واتە مەرگ و Fuge. لە زەربەی زمانەکان وشەی fuge هەروەک دەقە ئەلمانییەکە وەک خەی دانراوە و تەنها وشەی مەرگ وەرگەدراوە. سێلان بەچەک رەمانیەکی جوولەکەی ئەڵمانی زمان بووە، وشەی fuge ئەمانییە، لە زمانی رەمانی بە (هەڵاتن) دێت، وەکیتر بە وشەی (ئاواز)یش دێت. شایانی باسە، سێلان هەنراوەکەی بە ئەڵمانی لە 1945 دا نووسیوە و ناوی Todesfugeی لێناوە، دواتر هاوڕێیەکی بەناوی Petre Solomon وەریگەڕاوەتە سەر زمانی رەمانی و ناویناوە ""تانگۆی مەرگ"" و لە 2 ی ئایاری 1947 لە گەڤارەکی رەمانی بڵاوکراوەتەوە .دواتر سێلان لە 1948 دا بە زمانی ئەڵمانی و بە هەمان ناوە ئەڵمانیەکە Todesfuge بڵاویکردوەتەوە.

لەبەر جوولەکەبوون خێزانی سێلان لە دەمی نازیەکان دەکەونە ئەردوگا زەرەملێکان و پاش ماوەیەک باوکی دەمرێ و دواتر دایکی بەدەستەژی گووڵە لەلایەن نازیەکانەوە دەکوژرێت. دوایئەوەی ئەردوگاکە دەکەوێتە دەستی لەشکری سووری سۆڤیەتی جارانەوە سێلان دەربازی دەبێت و لەگەڵ کات بەرەو پاریس دەڕوا بە ژیانکردن و کاری نووسین. بریەی ئەو ڕۆژانە لەگەڵ سێلان دەژی تا لە 21 ی نیسانی 1970 ، کە لەسەر پردی میرابۆ Mirabeau خەی هەڵداتە ناو دەریای سەن Seine لە پاریس و کۆتای بە بریەکانی دەنێ.

ئازاد حەمە

پرۆفیسەر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

ئەوارێ یادەک لێ بەرن لێ ژێر ناوی: شەشی یەنار محەمەد بەردەوامە..



دابەانی واشنتن و کۆتایی

دەستاتی هەڵە: خوێندنەوەیەک بۆ شەڕی ئێران.. نووسینی: توانا محەمەد نوری

نزیکەی ٢٢ هێز بەسەر دەستپێکردنی جەنگێکی گەورە لە نێوان بەرەی ئەمریکا-ئیسرائیل و وڵاتی ئێراندا تێدەپەڕێت. لەم ٢٢ هێزەدا، ئەوەی جیهانی تووشی سەرسوڕمان کردووە تەنها گەورەیی هێرشە مووشەکییەکان و قەبارەی وێرانکارییەکان نییە، بەڵکو گۆشەگیرییەکی بەرچاوی واشنتن و تێڵئەبیبە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. بە یەکجار لە مێژووی نوێدا، ئەمریکا خۆی لەناو جەنگێکی گەورەی ناوچەییدا دەبینێتەوە بەبێ ئەوەی هاوپەیمانێکی فەرمی بە گەڵ خۆیدا ڕابکێشێت. ئەمەش وێک نیشانەیەکی ڕوون بە گەڵ ئاماژەکانی پێشووی ئەم نووسەرە دێت کە باسی لە هاوسەنگی هێزی جیهاندا دەکرد.

کاتێک سەیری ڕابردوو دەکەین، جیاوازییەکی زۆر دیارە؛ بە نموونە لە جەنگی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، زیاتر لە ٤٠ وڵات وەک هاوپەیمان بەشدار بوون، بەڵام لەم جەنگەدا ئەمریکا تەنانەت نەیتوانیوە پشتگیریی سیاسی وڵاتانی ناو ناتۆش بەدەستبهێنێت. بەپێی ڕاپۆرتە دیپلۆماسییەکان، زیاتر لە ٧٥٪ی هاوپەیمانە سەرەکییەکانی ئەمریکا، لەوانەش بەریتانیا، فەڕەنسا و یابان، بە ڕاشکاوی داواکارییەکانی واشنتنیان ڕەتکردووەتەوە و ڕایانگەیاندووە کە نابنە بەشێک لەم ململانێیە. ئەم وڵاتانە پێیان وایە کە بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە ئارامی و دیپلۆماسیدایە، نەک لە جەنگێکی خۆناویدا کە کۆتاییەکی دیار نییە.

ئەم پاشکشەیەی جیهان تەنها لە ترسی مووشەک و لێدانە سەربازییەکان نییە، بەڵکو ترسی زیانێکی گەورەی ئابووری جیهانی لەپشتە. تەنها لەم ٢٢ هێزەی جەنگەدا، نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بە هێزەی ٣٠٪ بەرزبووەتەوە و هەشداری دەدرێت کە ئەگەر جەنگەکە بەردەوام بێت، نرخەکەی بگاتە سەروو ١٥٠ دۆلار بە هەر بەرمیلێک. وڵاتانی ئەورووپا کە هەشتا بەدەست کاریگەریی قورسەکانی جەنگی ئۆکرانیاوە دەناڵێنن، ئاماژە نین جارێکی تر ئابووری و بژێوی خەڵکەکەیان بخرێنە مەترسییەوە تەنها بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئیسرائیل و داواکارییەکانی واشنتن. بۆتایبەتی کاتێک دەزانن گەرووی هورمز، کە نزیکەی ٢٠٪ی نەوتی جیهانی تێدا

دەگوازرێتەوە، ئێستا لەژێر هەڕەشەی ئاستەوخۆدایە.

ئەم دۆخە نوێیەی کە هاتووەتە ئاراوە، دانپێدانانێکی فەرمییە بەوەی کە سەردەمی "جیهانی یەک جەمسەری" کۆتایی هاتووە. ئەگەر جاران بەیارمەتی کۆشکی سپی بەس بوایە بە ئەوەی سوپاکانی جیهان بکەونە ڕێ، ئێستا واقیعی "جیهانی فرەجەمسەر" خەی بەسەر هەمووانداسەپاندووە. هێزە ناوچەیی و نەوددەوڵەتییەکان ئێستا زیاتر گوێ بە بڕژەوەندییەکانی خۆیان دەگرن نەک فەرمانەکانی ئەمریکا. ئەمەش وای کردووە واشنتن لەم ٢٢ ڕۆژەی جەنگدا وەک دوورگەیەکی دابڕاو و بەدەست لە گەڕەپانی نەددەوڵەتیدا دەربکەوێت.

لە ڕووی دارایییەوە، تێچووی سەربازیی ئەم جەنگە بە ئەمریکا زۆر لەوە زیاترە کە چاوەڕوان دەکرا. خەماندنە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سوپای ئەمریکا ڕۆژانە نزیکەی ١ ملیار دۆلار تێچووی هەیە لەم جەنگەدا بە جووڵەی پاپەڕە جەنگیەکان و سیستەمەکانی بڕگری. ئەم خەرجییە خیالییە لە کاتێکدایە کە قەرزە گشتییەکانی ئەمریکا گەیشتوونەتە ئاستێکی مەترسیدار و ٣٩ تریلیۆن دۆلاریان تێپەڕاندووە. بەبێ پشتگیریی هاوپەیمانەکان، بەردەوامبوون لەم خەرجییە گەورانە نەک هەر زیان بە سوپا دەگەیەنێت، بەڵکو دەبێتە هۆی داماننی ناوخۆیی و توانەیی زیاتری هاووڵاتیانی ئەمریکی کە نایانەوێت پارەکانیان لە جەنگێکی بێهودەدا خەرج بکرێت.

ئەمریکا و ئیسرائیل بە بیرکردنەوەی سەدەی ڕابردوو چوونە ناو ئەم جەنگەوە؛ ئەو سەردەمەی کە پێیان وابوو هێزی سەربازی و تەکنەلۆژیا دەتوانێت هەموو شتێک یەکلا بکاتەوە. بەڵام جیهانی ساڵی ٢٠٢٦ جیاوازە؛ ئێستا هێزی نەرم، پەیوەندییە ئابووریەکان و هاوسەنگییە نوێیەکان لەگەڵ هێزەکانی وەک چین و ڕووسیا، ڕێگرن لەوەی ئەمریکا بتوانێت وەک جاران ڕێی "پەلیسی جیهان" بگرێت. مانەوەی ئەمریکا بە تەنیا لەم مەیدانەدا، گەورەترین شکستی دیپلۆماسی و سیاسییە لە مێژووی هاوچەرخی ئەو وڵاتەدا.

پەیامی ئەم ٢٢ ڕۆژەی جەنگ زۆر ڕوونە؛ کاتی ئەوە هاتووە واشنتن لەو خەوە خەباڕی ببێتەوە کە وا دەزانێت جیهان هێشتا لەژێر فەرمانی ئەودایە. هاوپەیمانە نزیکەکانی ئەمریکا بەم هەڵوێستەیان پێیان وت کە ئامادە نین وڵات و ئابووریەکانیان وێران بکەن تەنها بە پاراستنی بڕژەوەندیی وڵاتێک کە ڕۆژانە لە هاوسەنگییە جیهانییەکان ناگرێت. ئەم جەنگە سەلماندی کە دەسەڵاتی ئەمریکا درزێکی گەورەی تێکەوتووە، درزێک کە بە هیچ چەکێکی پێشکەوتوو پڕ

ناکرێتەوە.

لە کۆتایيدا، ئەگەر ئەمریکا بە زووبی ئەم واقیعە نوێیەی جیهان قبوڵ نەکات، ئەوا ئەم ململانێیە تەنها نەخشەی ڕێژەکاتی ناوەڕاست ناگۆڕێت، بەڵکو دەبێتە خاڵی کۆتایی بە دەسەڵاتی جیهانی ئەمریکا. مۆژوو وانەیەکی گرنگی پێداوین: ئیمپراتۆریەتەکان ئەو کاتە دەوخۆن کە پێوەندییان لەگەڵ واقیعی سەردەمەکەیان دەپچڕێت. ئەستا واشنتن لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسسازدایە: یان دەبێت قبووڵی بکات کە جیهان بەرەو فرەجەمسەری دەچێت، یان دەبێت چاوەڕێی داڕمانێکی یەکجاری بێت لەژێر قورسایی ئەو جەنگانەی کە تەنها خۆی و ئیسرائیل تێیدا ماونەتەوە.

٢٢/٣/٢٠٢٦
نووسینی: توانا محەمەد نوری

گەوهەرو خۆشکەکانی لەمەملەکەتی خیانەتکاراندا.. حەیدەر عەبدولڕەحمان

ئابووردووی ئەزموونەکانی دەرهێنەر (کارەخ ئیبراهیم) دوای دەست هەڵگرتنی لەشانەو ڕووتکردنەوە کتووپڕەکەی بە کاری دەرهێنانی تەلەفزیۆنی، سەرکەشیەکی سەخت بوو، چونکە(کارەخ پاشخانێکی ئەوتۆی نەبوو، لەگەڵ هونەری دەرهێنانی دراماى تەلەفزیۆنی وەك پیشە، بە تایبەت لە کاتێکدا ئەو ڕووتکردنەی بە دراما، لە ئەزموونی بچووکەوە نەبوو بە گەورە، وەك دەرهێنەرێ بە ئەزموونکان ، لەکورتە فیلم دەست پێ بکات بە فیلم، بەڵکو زۆر بەخراپی لە شانۆ بازی دایە زنجیرەی دوورو درێژی تەلەفزیۆنی وەك (دوا شەو) کە بە ئەو دەرهێنەرە، سەرتایەکی قورس بوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەنجامە ئەرێنی و نەرێنیەکانی، هەشتا هەر دەست بەرداری خۆنەکانی نەبوو، هەر سووە بوو لەسەر بەرهەمهێنانی زنجیرەی تەلەفزیۆنی.
ئەو لەو چەند ساڵە کورتەی دواییدا، بە پراکتیکی خزایە نێو ئەزموونەکەو بەشی شەری بەرکەوت لەدەرفەتی کار کردن، لەنێو

دەرهێنەرکانی دراما، کە تا ئێستا کەی ئەو بەرهەمانە خەی لەزێتر لەچوار زنجیرەی تەلەفزیۆنی و فیلمێك دەدا، کە بریتین لە:
.زنجیرە دراماى ـ دوا شەو
.زنجیرە دراماى ـ چوار دیوار
زنجیرە دراماى هەشت دیوار.
زنجیرە دراماى ـ گەوهەرو خوشکەکانى
ئینجا لەچاوپکەوتنکى تەلەفزیۆنیشدا دەڵێ خەمان بە پرۆژەیکى گەورە ئامادە کردووە، جگە لەفیلمێك بەناوى (پەڕە سپلکە)
بەیە بەرهەمهێنانى چوار زنجیرەى تەلەفزیۆنى، لەماوەى چوار ساڵدا، وەك چوار دەرفەتى لەبار، بە گەنجێکى کەم ئەزموون، لە بوارى دەرهێنانى دراماى تەلەفزیۆنى، لە هەلومەرجێکى ئابوورى تەنگە تاوو پێلە ئاستەنگدا، هەنگە چانسێکى باش بێت بە ئەوەى، لەو چوار بەرهەمە لە نهێنیى پیشەکەو دەزیندوەى کەدەکانى گەڵەِ انکارى تە بگات، لە هەمان کاتدا هەوەى ئەوە بدات کە هەم ببێت بە دەرهێنەر هەم بە بەرهەم هێنەرو کە کەرەوەى ئەو توانایانەى دەبن بە یارید دەر بە رزگار بوون لەو چێق بەستنەى لە بەرهەمەکانى پێشووى ەوو بە ەووى دەبوونەوە
بە شك بەچوونى جیاواز هەیە بە وەڵامدانەوەى ئەو پرسیارەى، ئاخە (کارەخ ئیبراهیم) وەك پێویست سوودى لەو چوار دەرفەتە وەرگرتووە؟ یان مافى کەسانى ترى بە خەى قەرخ کردووە؟
توانیوویەتى ئیزافەیەك بخاتە سەر دراماى کوردى؟ یان لە حاڵەتێکى چێق بەستوو بە دەورى بازنەیەکى داخراودا خولى خواردەتەوە؟
هەنگە وەڵامى ئەو پرسیارانە تەنیا لاى من نەبێت، بەڵکو ئەوە بینەرە وەڵامى ئاستەقینەى لایە، چونکە هەموو ئەو بەرهەمانە لەپێناو ئەودا دروست کراون، هەر ئەویش مافى قەبوڵ کردن، یان هەڵتکردنەوەیانى هەیە.
بەگشتى پێم وایە کارەخ دواى تێپەڕاندنى هەموو ئەو وەستگانە، گەیشتەتە ئەو ئەنجامە کە دەبێت سەر لە نوێ پێداچوونەوە بە ستایل و بونیاتى درامى بەرهەمەکانى خەى بکات، بە تایبەت لەکاتێکا کە توانای دەستبەر کردنى بەرهەم هێنان و سپۆنسەرى هەیە، کە هەردووکیان سەرچاوەى بنەڕەتى دروست بوون و چارەنووسى بەرهەمیان لە دەستە، ئەگەر دەرهێنەر دوور لە گەندەڵى پلان و بەرنامە ەڕەژى بە بکات و ئەنجامى کەتایى بەرهەمەکەى بکاتە ئامانجى سەرەکى ، دەتوانێ زامنى سەرکەوتنى خەى بکاو متمانە بەبینەر ببەخشێ .
لە زنجیرە دراماى (گەوهەرو خوشکەکانى) کە ناوەکەى لەسەر ریتمى فیلمى ئەرانى (برایانى لەیلا)ى دەرهێنەر سەعید ەڕەستایى نزیکە، کارەخ ئیبراهیمیش گوتارو ئامانجى دراماکەى خستەتە چوارچیوەى

چیرۆکی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی خۆزانی، کە بتوانێ تاوەرۆکانی لەسەر بنەمای کۆمەڵە دیاردەی زۆقی سەردەمیانەی کۆمەڵایەتی وەك خیانەتکاری نێو هاوسەران، تریاك خواردن لەنێو کچان و قوتابیان، زیندوو بوونەوەی دیاردەی جادوگەریەتی و سیحر لە کۆمەڵگادا، میرات و لەك ترازانی کۆمەڵگاو دە ڕەقیەکانی، چەتەگەریەتی و پەیدا بوونی مافیا.

هەموو ئێو دیاردە کۆن و نوێیانە بوونەتە لق و پۆپ و پەراوێزی گرێ سەرەکی ئێو پرسیارەی لە سەرەتا تا کۆتایی بینەر ناچار دەکات واز لەسیحری دراماکە نەهێنی ئێویە: کە فوئادی زەنگری کوشت؟

بەڵام سینارۆکە تەنیا هەڵگری درامی نیە، چەند هەڵگری دیکەی لاوەکی تێدایە، کە کە هەر یەك لەو تاوەرە لاوەکیانە، بە فەرمەك بە یەکەوە گرێ دراون ، هەر یەکەو چیرۆکەك بەن و ریتم و کاریگەری تایبەتی خۆیان هەبێت ، بە بەرز کردنەوەی ریتمی دراماکە، لەوانە

تاوەری گەوهەرو خانەی دایکی و کانی و پەری خوشکی

تاوەری حازم و شێونمی ژنی

تاوەری سەفوەت ئەربیللی و سوحێ خانی دایکی

تاوەری قەدریو عوبەدو عەدنان و کەمال

تاوەری نەقیب زریان و ئاسایش

بەرهەمەکە ئاگەر پاکتاوەکی بە بکەیت و هەندێ دیمەنی لە بقرتێنی، ڕەنگدانەوەیەکی واقعی کۆمەڵگای مەدەرنی ئەمڕۆی کوردە، بەچەمکە ئەرێنی و نەرێنیەکانی، یان بەتاڵ و شیرینیەوە، پەت خۆش بێت یا ناخۆش، ناتوانی خەت لەو هەقیقەتە گەل کەیت کە ئێوەی دەیبینی دروست کراوی کارەخ نیە، بەڵکو دەرهاوێشتەی ئێو سەردەمێ کە کۆمەڵگا بەرەو هەدەرەکی ترسناك دەبات

ئاگەر دەتەوێت ڕاستگۆ بیت و دراماکە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆ و بە تێووشی ئێم کۆمەڵگایە بێت، ئاگەر جاران ئێو دیمەنانە تەنیا لەسەر حیسابی کۆمەڵگای تورکی و ئێوروپی تەمار دەکران، ئێستا کۆمەڵگای کوردیش کۆمەڵگای مەلائیکەتکان نین لەو هەموو دیاردە قێزەونانەی سەردەم بەدەر بێت، ئەمە واقعەکی تاڵ و نەخوازراوە، بەڵام سەپێندراوە

بەڵام ..ڕەنگە ئێوەی وەك وەزیفەی دراما دەخرێتە ڕوو، ئێوە نیە تە ئێو مافە بەخێت بدەیت وەك دەرهێنەر ئێو واقیعە تاڵە، بە هەموو ناشیرینیەکانی خۆیەوە ، وەك خۆی بە بینەر بفرۆشێت و پێی بڵێ فەرموو ئێوە واقیعی تۆیە و تە ئاگات لەخێت نیە ئێوەتا لەو واقیعەدا دەژیت، ئاگەر وا بکەیت تە دراما پشکش ناکەیت، بەڵکو حیکایەتی بن دیوارو قسەی چایخانەکانم بە دەگەیتەوە ، ناتوانیت

دراما بکەیتە هەزك بە کارتەکردن لە عەقلیەتی کۆمەڵگاو ترسان لە گۆشەندن و پڕرسەندنی ئاگرە ترسناکەکانی
ناتوانێت دراما وا لە بکەیت بینەر لەقوڵایی بیرە تاریکەکاندا هووناکی ببینێ، لە دامەنی فرمێسکەکاندا زەردخەنە ببارێنێ، چونکە تە وەك بینەر تا ئەو مەرگە ساتانە بەچاوی خۆت نەبینی، بە ئاگا نایەیتەوە لەوەی لەنیشتمانەکەت، لە دەورو بەرو لەناو ماڵەکەت هوو دەدەن
لە دراماداا نە لەژێر کاریگەری خیتابی ئایینی، نەسیاسی ، نە بە نەسیحەتی رەکخراوەکانی ژنان ، تەنانەت بە نەسیحەتی باوکەکی جەرگ سوتاوی وەك عوبەیدیش ناتوانیت لەژێر کاریگەری تەوژمە ترسناکەکانی سەردەم دەربازت بێت .
مەگەر دەرهێنەرەك نەبێت، دەسەاتی ئەوەی هەبێت بێتە ناو ماڵەکەت، بەکەرەسەو ئامرازە سیحراویەکانی، بەوێنە، بەنواندن، بەموزیك ، بەدیالۆگ، کار لەمشکت بکاو لەناو ئازارەکاندا چێژت پێ ببەخشێت، فەلسەفیەکت بە بگەێنێتەوە، نەتوانی بە ئاسانی لە بیری کەیت
سە پاندنی شێوە زار
ناکرێ دراماێکی کوردی کە بە حیساب بە هەموو نەتەوە بەرهەم هاتووە ، بخرێتە چوارچیوەی سنوورەکی جوگرافی دیاری کراو
کاتێ ناشیرینی ئەخلاقی و ئەمنی و نایاسایی هەیە، بخەیتە ناودرامایەك و بە تەنیا بەسەر شارەکی وەك هەولێری بسەپێنی، ئامانجەك نادزیتەوە ببێتە پاساو بە مەعقولیەتی ئەو سەپاندنە جوگرافیە نا بەجێیە.
دەرهێنەر ناتوانێت خۆی لەو ئاڵزیە بەدەر بگرێ کە ئامانج تەنیا هەولێرە ، بە بەگەی ئەوەی تەواوی شەوزاری دراماکەی کردووە بە هەولێری، تەنانەت بەگەی نەداوە تەنیا یەك ئەکتەریش بە سلەمانی، یان بادینانی قسە بکات .
وەك ئەوەی دەرهێنەر بڵێت ئەو هەولێریەکانن مەملەکەتەکەیان پێ کردووە لەخیانەتکاری و تاوان.
چونکە دیارە شوناسی کەسەکان بەزمان و دیالیکتی زمانیان دەناسرێنەوە..
ئەم سنوور دانانە لەکاتەکدایە کە هەمیشە هەولێریەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە هەولێر شاری فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی و فرە مەزهەبیە، ئەدی خۆ پێت ستەمە کوردەکی دیکەی شارەکی کوردستان بە ئازادی خۆی بەزمانی مەملەکەتەکەی خۆی قسە بکات؟
کاریگەری سەپاندنی یەك شەوزاری لەسەر ئەکتەر :
من تەنیا ئەو پرسیارە لە کارەخی دەرهێنەر دەکەم، کاتی ئیبراهیم حەکیمی باوکی، یا زاهیر عەبدوڵای ڕەحمەتی و عەلی ئەحمەد لە

بەرهەمە درامیەکانی سلەمانی نواندنیان دە کرد و بە سلەمانیانە قسیان دەکرد، یان بە هەولێری؟
نەخێر هەمە جۆرێ شێوە زارەکان (هەولێری ، سلەمانی، باهدینانی، گەرمیانی، دەولەمەندی زمانەکە نیشان دەدات .
کاتێك هەموو ئەکتەرەکان ناچار دەکرێن بەیەك شێوەی دیاری کراو قسە بکەن، کەمێك کێشە بە ئەکتەر دروست دەکەن:
نواندن لاواز دەکەن، چونکە بیریان لەسەر خوێندنەوەی وشەکانە نەك ئەداو نواندن .
ئەکتەر هەست بە نامۆیی دەقەکەو نا پاراوی زمان دەکات ، ئەمەش گرفتێك بۆ ئەکتەر دەنێتەوە.

پەرتەوازە بوونی بینەر

کاتێك درامایەك چەندین هێڵی جیاواز و نموونەی زۆری خیانەت، وەك خیانەتی شۆنم لە حازم ، خیانەتی ئازین لە فوئاد، خیانەتی دکتەر فەرید لەژنەکەی، خیانەتی عوبەد لەخانەی خوشکی، کاتێك لە غەفڵەتدا بەشداری ئەو قەدریەی ژنی پەنجەمۆری خانووەکەی پێکرد.
خیانەتی هێشە لەکەمالی هاوڕێی، کاتێك ملیۆنێك دینار بەسیحر بازەکە دەبەخشێ، بە ئەوەی تەلەفون بە حازم بکاو شوێنی شاردنەوەی کەمالی هاوڕێی پێ بڵێ کە هەموو زەرو پارەکانی لە دزیوە.

خیانەتی دووەن لەکەمال و هێشە ..

بە کورتی هەموو تێڕە درامایەکانی بەیەك هێڵ لێك بەستەوە، کە هەڵی خیانەتکاری کەمەگایەکی ناشیرینە، ئەگەری هەیە بینەر تووشی جۆرێك لەسەبوونی هەست و دەماغ بکات، کاتێك هەموو کارەکتەرەکان خیانەتکار بن.
لەو ململانێی هاستەقینەون دەبێت و بینەر نازانێت کە هەیە نوێنەرایەتی بۆهاکان بکات.
ئەمە وادەکات خیانەت وەك کارەکی ئاسایی دەرکەوێ ، نەك وەك تاوانێکی گەورە یان کێشەیەکی دەروونی و کەمەایەتی.
ئەگەر یەك هێڵی سەرەکی هەبێت کە بەقووڵی بچێتە ناو وردەکارییەکان و هەکارە دەروونییەکان، زەر کاریگەرتر دەبێت ، ئیشتیاقت بۆ بەدوا داچوونی هوودواوەکان بەجێشتر دەبێت ، مەعریفەت بە ناسینی کاراکتەرەکان زەرتر دەبێت .
هەروا زەرکردنی نموونەکانی خیانەت لەیەك درامادا، هەندێك جار دەبێتە هۆی تێکدانی وێنەی کەمەگا ، تە لەبەری ئەوەی چارسەری کێشەیەك بکەیت، بینەر وا دێنێ وا هەست بکات کە ئەمە دیاردەیەکی گشتگیرو ئاساییە .
درامای سەرکەوتوو ئەوەیە کە پێویستی بەزەر کردنی نموونەکان نەبێت بە ئەوەی سەرنجی خەڵك ڕابکێشێت، بەڵکو کوالێتی نووسین و قووڵیی

ململانەکانن بینەر بەدوای خەیاندا رادە کیشن، بۆیە یەک نموونەی زیندوو زۆر بەهێزترە لە دە نموونەی سەرپێیی مردوو.

دیالۆگ

جێی تێڕامانە کە ڕۆگەزی دیالۆگ لە سیناریۆکەدا، ڕۆگەزێکی ئەکتیڤو سیناریۆ نووس خۆی لە دیالۆگی درێژدادە دوورخستۆتەوە، مەودای گۆیاندنی گوتاری دراماکەی کورت کردۆتەوە.

بینەر هەست دەکات لەهەندە دیمەندا دیالۆگ دەبێتە ئامرازێك بۆ دەربڕینی حاڵەتە سایکۆلۆژیەکان و وروژاندنی ناخی بینەر، لەوانە لە پرسی دایکی گوهەرو کوشتنی فوئادو موخاتەبەی عوبەد لەسەر گۆڕی خوشکەکەی و زۆر دیمەنی تر، دیالۆگ بەفەرمکی پێخشانی هەست بزوێن، تەکنیک بۆئاوازێکی حەزین دەبەت و ئەتمۆسفیرێکی دەروونی کاریگەر بۆ بینەر دەخولقێنن، لەهەمان کاتدا دەبنە ئامرازێك بۆ ناساندنی بیرو ئاستی فیکری کاراکتەرەکان.

ئەم فەرمە نوێیەی داشتنی دیالۆگ ، دیاردەیەکی دیکەی گۆڕانکاریەکانی دەرهێنەرە لەو بارەمەدا لە بار ئەو هۆیانە:

1.خۆ پاراستنە لە درێژە دادی کە زۆر جاران ڕیتم و چێژی دراما دەکوژێ .

2.توانای ئەکتەر بەهێزتر دەکات بۆ ئەداو نواندن .

3. ڕیتمێك بۆ دیالۆگ دروست دەکات،کە یاریدەر بێت بۆ ئەدای ئەکتەرو بەرز کردنەوەی تواناکانی.

بەکارهێنانی وشەی نەشیاو یان جنێو لە چەند دیمەنێکی دراماکەدا دەبیندرێت، وەك دیمەنەکانی (حازم) دوای ئاشکرا بوونی خیانەت کاری ژنەکەی، هەروا دیمەنی فوئادی زەنگر لە کاتی ئاونانی ژنەکەی لە بازاڕدا..

ئەم دیمەنانە پێوەندییان بەزمانەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەهونەرو کەسایەتناسی و پرسە ئەخلاقیەکانەوە هەیە.

هەندە دەرهێنەر و نووسەر پێیان وایە ئەم قسە نەشیاوانە بۆ دەرخستنی ڕاستگۆیی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە و دەبەت زمانی کاراکتەرەکان وەك خۆی بێت، خەڵك لە سەر شەقام یان لە کاتی تووڕەییدا قسە دەکە ناکرێت چێتیەك یان بکوژێك بەزمانێکی ئەدەبی و گوڵاو ڕشتن قسە بکات.

بەکارهێنانی چونکە دراما دەچێتە هەموو ماڵێکەوە بۆکارهێنانی جنێو دەبێتە هۆی ئەوەی نەوەکانمان فێری جوێندان بن و پرسی جوێن دانی بەلاوە دەبێتە شتێکی ئاسایی .

بەتایبەت لای مەرد منداڵان و منداڵان کە زوو دەکەونە ژێر کاریگەریی کارەکتەرە بەهێزەکان.
بەیە زۆرێك لە ڕەخنەگران پێیان وایە پێنابردن بە جنۆ، نیشانەی لاوازیی دەقە.
چونکە دیارە نووسەری بەتوانا دەتوانێت لەڕێگەی دەربڕینی دەموچاو، هەڵوەست و دیالۆگی بەهێزەوە تۆنی قسەی خەی بگۆڕێنێت، بە ئاوەی پەویستی بوشەی نەشیاو بێت بە نیشاندانی تووڕەیی.
هەروا کاتێ بینەر جۆنی بازاڕی لە کاراکتەرێك دەبینێ کە پڕی موعجەبە یان خۆشی دەوێ، کە سلووکی دەبینێ لە پێش چاوی دەکەوێ و بە کەسکی نا شارستانی حیسابی بۆ دەکات .
کوشتنی کاراکتەرکیش لە دیدی بینەرێك کە چەندین خۆشی لەسەر هەڵچنیووە، بە نەرێنی لەسەر دراماکەو لایەنی پەروەردەیی دراماکە هەڵدەکوڵێتەوە.
ئاوەتا زۆرێك لە بینەران ئاو دیمەنانەی جۆن دانیان لا قەبوڵ نیە و دەیکەن بە خاڵکی ناشیرین بەسەر دراماکەوە.
وێنە گرتن
کێشەگەی ئاستەقینەی دراماى (گەوهەرو خوشکەکانی) لە سەر وێنگرتنی دراماکە وەستاوە، کە بە کامێرای سینەمایی دەرهێنەرو وێنەگری ناسراو (ئیلیاس سەفدەر) ی گیراوە..
(سەفدەری) جگە لە وێنەگری، دەرهێنەری چەندین فیلمە، وەك (هەزارتوو ،پێناگە، دیوارەکان ، کەتایی ڕێگا)
ئاوەی دیقەتی لایەنی وێنەگرتنی دراماى گەوهەرو خوشکەکانی دابیت، هەست بە ستاتیکاو وزیفەی ئاستەقینەی کامێرا دەکات، لە بەرجەستە کردنی دیمەنەکان.
ئاو تەنها وەك تەکنیکارەك سەیری کامێرا ناکات، بەڵکو وەك ئامرازەك بۆ گێاندنی هەست و فیکرو ستاتیکای وێنە.
خاوەن ستایلەکی تایبەتە لە بەکارهێنانی ڕێنگەکاندا، لە زۆر دیمەنی دراماکە ئاو تایبەتمەندیەی (سەفدەری) دەبینین، بەتایبەت لە بەکارهێنانی ڕِووناکی و دابەش کردنی، ڕەنگ زۆر جار ڕەنگە ساردەکان یان ڕەنگە کزەکان بەکار دەهێنێت بۆ نیشاندانی کەشە ئیالیستی و کەمەئایەتییەکان.
